# رۆژی گەل

## لوبنان:یادی جگەرخوێن دەکرێتەوە

رۆژی 24-10-2010 کۆمەڵەی خێرخوازی کوردی لوبنانی بەبۆنەی بیست و شەشەمین ماڵئاوایی هۆزانڤان و تێکۆشەری ناوداری کورد، جگەرخوێن، لەشاری بێروت کۆڕێکی یادکردنەوە و رێزلێنانی پێکهێنا، کە نوێنەرانی حزب و لایەنە سیاسیەکانی لوبنان و ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسایەتیە رۆشنبیری و کۆمەڵایەتیەکان بەشدارییان تێدا کردبو.

سەرەتای کۆڕەکە بە خولەکێک راوەستانی بێدەنگ دەستی پێکرد، دواتر سردووی نەتەوەیی کوردستان و لوبنان پێشکەش کران، پاشان گوڵستان محەمەد رازگری کۆمەڵەی خێرخوازی کوردی لوبنان وتەیەکی پێشکەش کردو بەخێرهاتنی میوانەکانی کرد.

لەو کۆڕەدا وێڕای ئەوەی کە یادی مامۆستا جگەرخوێن بەرزراگیرا و رێز لە خەبات و تێکۆشانی گیرا، جەخت لەسەر خوێندن و فێربوونی کوردی لە لوبنان کرایەوە.

هەفتەنامەیەکی سیاسی، رۆشنبیری گشتییە، حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات، ژمارە نۆبەرەی لە 1-7-2000 دا بڵاوبۆتەوە.. ژمارە 248 یەکشەممە 2010-10-31

# داوای دادگەییکردنی موستەشارەکان دەکرێ و هەندێک

# لەوانیش هەڕەشە لە رۆژنامەوانان دەکەن

هەڵمەتی خەڵک بۆ دادگەییکردنی ئەو موستەشارو جاشانەی کە بەشداریان لە شاڵاوی ئەنفالکردنی کوردان دا کردوە، دەستی پێکردوە، بنەماڵەی قوربانیان و خەڵکی ئازادیخوازو نیشتمانپەروەر داوا دەکەن ئەو تۆمەتبارانە رادەستی دادگە بکرێن کە دادگەی باڵای تاوانی عێراقی داوای کردوون، لە رۆژانی رابردوودا دەیان خۆپێشاندان و رێپێوان ئەنجام دران، هەروەها چەندین کەمپین پێکهێنراوەو داوا دەکەن کە جاشە تۆمەتبارەکان رادەستی دادگە بکرێن، کەچی کۆنەجاش و موستەشارەکانی پارێزراون و لە رێی جۆراوجۆریشەوە هەڕەشە لەو رۆژنامەوان و نووسەرانە دەکەن کە لاپەڕەکانی مێژووی ئەوان هەڵدەدەنەوە.




لە رۆژانی رابردوودا شێخ خالید، ناوسراو بە خالیدی خولەسوور موستەشاری فەوجی96 ئیمایلێکی هەڕەشە ئامیزی بۆ کاک دەرسیم دیبەگەیی، نووسەرو رۆژنامەوان رەوانەکردوەو کە تێیدا هاتووە: (بۆ خوات پێ ئەڵێم واز بێنە، من بە باپیرەت ئەشێم ئەگەر ئەتەوێ بە سای منەوە نانێک پەیدا بکەی ئەمە شتێکی ترە ئەگەر دەتەوێ لە راستیەکانی من بزانیت بڕۆ هەر سێ بەشی کتێبەکەم بخوێنەوە ئینجا دەزانی من کێم و چیم و چی بوومە تۆ لە دیبەگەوە چیت لە بانی بنۆک و سورێن و شارەزوور داوە خۆت و ماڵ و منالت بەدبەخت مەکە ئەزانم ئاراستەکراویت و ئەزانم کێش هانی داویت لەسەر گەورەیی من بنووسیت دەشزانم چەندت پارە وەرگرتووە و زۆر شتی تریش)

لەو بارەیەوە کاک دەرسیم دیبەگەیی بە هەفتەنامەی رۆژی گەلی راگەیاند کە سەرەتا سکاڵای لە دژدا تۆمار دەکات، دواتریش لە رێی ماڵپەڕەکانەوە وەڵامی پێویستی دەداتەوە.

ئەمە یەکەمین جار نیە کە کۆنەجاش و موستەشارەکان هەڕەشە لە رۆژنامەوانان بکەن، تەنانەت تا ئێستا چەندین بڵاوکراوەو رۆژنامەنووس بەهۆی سکاڵای ئەو کەسانەوە راپێچی بەردەم دادوەرکراون و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا کراوە.

## پەکەکە ژمارەیەک چەکداری ئەنسار ئیسلام دەسگیر دەکات

چەند چەکدارێکی ئەنساروڵئیسلام، لە سنووری چیای قەندیل کە ویستوویانە بچنە ناو خاکی باشووری کوردستان لە لایەن گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان دەسبەسەر کراون.

ماڵپەڕی 24 کاتژمێر لەزاری سەرچاوەیەکی خۆیەوە ئەو هەواڵەی راگەیاندووە و هەمان سەرچاوە بە ماڵپەڕەکەی گوتووە "ئەو کەسانە لە لایەن ئێرانەوە پڕچەک کراون و لە شێوەی قاچاغچی رەوانەی هەرێمی کوردستان دەکرێن و ئامانجیش تێکدانی رەوشی ئاسایش و کوشتن و تۆقاندنی کەسانی سکۆلارە.

بەپێی سەرچاوەی ماڵپەڕەکە دەزگاکانی هەواڵگریی هەرێمی کوردستان بەوردی ئاگاداری ئەو رووداوەن و بەشێک لەئەندامانی ئەو چەکدارانە، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەرێمی کوردستانەوە دەستگیرکراون و پەکەکەو هەرێمیش هاوکاری یەکتر دەکەن.

## رۆژەڤ

بە یاساییکردنی بودجەی حزب و رێکخراوە سیاسیەکان لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە کارێکی رەوا و پێویستە، چونکە لەوەتەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 1992 پێکهێنراوە. لەوەتەی هێزە سیاسیەکان لە حکومەت بودجە وەردەگرن، پێوەرێکی یاسایی بۆ پێدانی بودجە نەبووە، بەڵکو مەیل و مەیلداری و نزیکایەتی کراوەتە پێوەری کەمی و زۆری تەرخانکردنی بودجە یان پێنەدان و راگرتنی.

راستیەکەی بەر لە هەڵگیرساندنی شەڕی نێوەخۆ ئەو حزبانەی بودجەیان بۆ تەرخان کرابوو، ژمارەیان لەپەنجەی دەست تێپەڕی نەدەکرد، هەروەها بڕی بودجەکانیش ئەوەندە زۆرو قەبە نەبوون، بەڵام دوای شەڕی ناوەخۆ و دابەشبوونی حزبەکان بەسەر سەنگەرەکانی ئەو شەڕە، پێدانی بودجە بە حزب و رێکخراوە سیاسیەکان شێوازێکی دیکەی وەرگرت، ئەوانەی بەشداریان لەشەڕی نێوەخۆدا نەکرد، بێبەش کران و بێ بودجە هێڵرانەوەو هەوڵی هەڵوەشاندنەوەشیان درا. ئەوانی دیکەش زێدەمافیان لە زەوی و بودجە بۆ دابین کرا.

حکومەت کە مۆڵەتی کاکردن بە حزب و رێکخراوی سیاسیەکان دەدات، خۆی مولزەم دەکات کە بودجەشیان بۆ ببڕێتەوە، چونکە کارو چالاکی حزبی پێویستی بە بودجە هەیە، ئەگەر حکومەت بۆیان تەرخان نەکات، واتە خۆی دەرفەت بە حزبەکان دەدات و زەمینەیان بۆ دەڕەخسێنێ تا پێوەندی لابەلا لەگەڵ رێکخراوو دەوڵەتاندا دروست بکەن و لاگیری لە سیاسەتی دیتراندا بکەن.

حزبی رزگاریی کوردستان دەخوازێ کە بودجەی یەکسان بۆ مۆڵەت تەرخان بکرێ، هەروەها پێوەرێک بۆ خستنەسەری ژمارەی کورسی و دەنگ و ساڵانی خەبات لەبەرچاو بگیرێت.

## سێ کوردی رۆژهەڵات لە ئەفغانستان دا دەکوژرێن

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە شاری سەقز ئاشکرای کردوە کە رۆژانی رابردوودا هەواڵی کوژرانی سێ لاوی سەقزی کە لە ئەفغانستاندا لەریزی ئەلقاعیدەدا بوون، بە بنەماڵەکانیان گەیشتووە.

بەگوێرەی سەرچاوەکە ئەو سێ لاوە تەمەنیان 19 ساڵ بووەو پاشناوەکانیان بریتی بوون لە بێگلەری، کەریم پورو گوڵستانی.

بە گوێرەی هەواڵنێری ناوەندی سەقز ئەو سێ کەسە بەمەبەستی بەشداریکردن لە جیهاد و شەڕکردن لە دژی ئەمریکا چوونەتە ئەفغانستان و لەوێ کوژراون، بەڵام بنەماڵەی ئەو کوژراوانە بەنیازن سکاڵا لە دژی چەند مامۆستایێکی ئایینی شارەکە تۆمار بکەن،چونکە بەهۆی وتارەکانیانەوە هانی گەنجانیان داوە کە بچنە ریزەکانی رێکخراوی ئەلقاعیدەو شەڕی ئەمریکاو هاوپەیمانانی بکەن، کەچی لەوێ لەخۆڕاوە بە کوشتن دەدرێن.

جێی ئاماژەیە کە ماوەیەک لەمەوبەریش لاوێکی دیکەی سەقزی بەناوی سلێمان ئەحمەدی، تەمەن 21 ساڵ لە وڵاتی ئەفغانستاندا کوژرابوو.

بەگوێرەی سەرچاوەکان ئێستا بنەماڵەی ئەو کوژراوانە لەلایەن بەڕێوەبەریتی ئیتلاعات لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرێ و داوایان لێدەکرێ کە ئەو کەسانە بناسێنن و زانیارییان لەسەر بدەن کە پێشتر دۆستی کوڕەکانی ئەوان بوونە لە شاری سەقز.

## گۆڕان لە فراکسیۆنی کوردستانی دەکشێتەوە

لیستی گۆڕان رۆژی هەینی 2010-10-29 بە فەرمی خۆی لە ئیئتلافی فراکسیۆنی کوردستانی کشاندەوەو لەو بارەیەوە رایەگەیاندراوێکی بڵاوکردەوە کە تێیدا هاتووە: 'بەردەوامبوونی دەسەڵات لە بەفیرۆدانی کاتو جێبەجێنەکردنی کارنامەی چاکسازیی‌و قوڵکردنەوەی بێمتمانەیی لەنێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستانداو بەکارهێنانی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان بۆ مەبەستو دەستکەوتی حیزبی خۆیان، ئێمە ناچاردەکات لەو ئیئتیلافە بکشێینەوە' بەڵام لەبەرانبەردا وتەبێژی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان رۆژی شەممە رایگەیاند کە 'چەند رۆژێک بوو بزووتنەوەی ناوبراو هەڕەشەی کشانەوەی دەکرد، بۆیە ئەمە رووداوێکی چاوەڕوان کراو بوو، هەڵوێستی یەکێتیی- ش ئەو هەڵوێستە دەبێت کە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە داهاتوودا وەری دەگرێت'



**عەرەبەکان دژایەتی کورد دەکەن**

ل3



**قاسم ئاغا وەک نموونە!**

ل5

**بزاقی کورد و پارادۆکس لە دروشم و ئامانجەکاندا**



ل6

**فیلمی یەک لە سەدی چرکە**



ل7